# خۆش (دار الحنان)...!

**گۆران فەتحی**

بینیی وێنەی ئەو منداڵە لاوازانەی لەنێو دار الحنان بوون لەبەغدا، بەراستی وێنەی ئەو جولەكانە دەهێنێتەوە بەرچاو كەبەدەستی نازیەكانی ئەڵمانیا زیندانی كران‌و دواتر كوژران‌و لەمێژوودا ئەو كوشتارە بەهۆلۆكۆست ناسرا. بڵاوكردنەوەی ئەو هەواڵە لەكەناڵەكانی راگەیاندندا دوای ئەوە هات كە كۆمەڵێك سەربازی ئەمریكی‌و عێراقی هەڵیان كوتایە سەر ئەو هەتیوخانەیەی كە بەدار الحنان ناودەبرێت، وە دەبوایە شوێنێك بێت بۆ لەخۆگرتنی‌و پەروەردەكردنی ئەو منداڵە بێ دایك‌و باوك‌و كەم ئەندامانە لەرووی عەقڵیەوە، بەڵام چۆن شوێنێك‌و چۆن حەنانێك لەجیاتی ئەوەی بەهەشتێك بۆ ئەو منداڵە بێ سەرپەرشتیانە فەراهەم بكات بەپێچەوانەوە دۆزەخ‌و زیندانێكی بۆ دروستكردبوون.

لەهەمووی سەیرتر ئەو هەتیوخانەیە لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلایەتی عێراقیەو چەندین فەرمانبەر كاری تێدا دەكەن، ئەی باشە ئەو مامەڵە كردنە خراپەو دوور لەئینسانیەتە بۆچی‌و ئایە چۆن وەزارەت لەو هەموو ماوە زۆرەدا ئاگای لێ نەبووە.

دەوتریت زۆر لەو منداڵانە بۆ ماوەی مانگ زیاتر بەو قەرەوێڵانەوە بەستراونەتەوەو نان‌و خواردنیشیان زۆر بەكەمی دراوتێ، ئەمە جگە لەوەی سزای توند دراون‌و تەنها دەستدرێژی سێكسیشیان كراوەتە سەر لەلایەن سەرپەرشتیارانی فەرمانگەكەوە.

ئەو منداڵانە ئەگەر تیاشیاندا هەبێت لەرووی عەقڵیەوە باش بن ئەوا بێگومان ئەو حاڵەتە دەروونیەی بۆیان دروست كراوە باریان بەرەو خراپتر دەبات‌و ئەمانیش وەكو ئەو منداڵانەیان لێ دێت كە ئەساسەن باری عەقڵیان باش نیە.

بینیی ئەو حاڵەتە دەنگۆیەكی زۆری دایەوە لەنێو كەناڵەكانی جیهان‌و دەوترێت تەنها ئەو سەربازە ئەمریكی‌و عێراقیانەی كە راهاتوون لەسەر بینیی وێنەی ناخۆش‌و دڵ تەزێن رۆژانە، زۆر نارەحەت بوون بە بینیی باری ئەو منداڵە بێ گوناهانە كەلەوەزعێكدا بوونە هیچ كەم نەبووە لەوەزعی ئاژەڵ‌و رەنگە خراپتریش بێت، هیچ نەبێت ئاژەڵ ئازادەو ئەمانە زیندانی بوونە لەنێو هەتیو خانەكەدا كە دەبوایە جێگای باوك‌و دایكی بۆ بگرتنایەتەوە.

لەوە دەچێت ئەو بارە خراپەی عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت تاسیری لەسەر گەورەو بچوك كردبێت، بۆیە دەبینین هەمان ئەوانەی سەرپەرشتی ئەو هەتیو خانەیە دەكەن هیچ رەحم‌و سۆزێكیان نەماوە بەرامبەر بەو منداڵانەو باری دەروونی ئەوانیش لەوە دەچێت باش نەبێت، دوای ئەو بارە خراپەی بەغداو عێراقی تێكەتووە بەهۆی تیرۆرو تەقینەوە، بەڵام ئەمە قەت پاساو نیە بۆ بەئازاردانی ئەو منداڵانەو دەبێت حكومەتی مالكی‌و وەزارەتی پەیوەندیدار رێ‌و شوێن توندبگرنە بەر بەرامبەر بەو فەرمانگەیەو سەرپەرشتیكارانی‌و سزای توند بدرێن، چاویش بەزۆر لە هەتیو خانەو خەڵوەتگەی پیری‌و شوێنە

خزمەتگوزارییەکانی تردا بخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی حاڵەتی لەو جۆرە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە.

goranfathe@yahoo.co.uk